# ئایان هرسی عەلیی ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندا، ڕەنگە پاسپۆرتە هۆڵەندییەکەی لێبسێننەوە

مەحموود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com



دووشەممە، ئەم ژنە شۆخەی هۆلەندا بەرەگەز سۆمالی، بووە قسە و باسی هەموو خەڵکی. دەنگوباسی وەک ئاگرێک لەناو کادابێت بەخێرای بڵاو بووەوە. ئەڵێ لە مانگی 9 ئەرۆم بۆ ئەمریکا و واز ئەهێنم لە پەرلەمانی هۆڵندی.

لەدایکبووی سۆماڵ 1969 و لە ساڵی 1992 ئەبوایە بڕۆشتایە بۆ کەندا، بەڵام لە ئەڵمانیا دابازی و بە قیتار ڕووی کردە هۆڵەندا و داوای مافی پەناهەندەیی کرد.

بەبەردەوامی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە قسەی هەیە، بەتایبەتی لەسەر پەناهەندەو کەلتووری ئیسلام و ئیسلام وتێکەڵبوون و ژنان. لەوەتی پای ناوەتە ئەم وڵاتە چالاکە لە زۆر بوواردا. لە پارتێکی چەپەوە دەستی پێکرد کە پارتی کاری هۆڵندیە لەساڵی 1997 بۆ 2002. پاشان چووە ریزی پارتیَ لیبراڵەوە کە بەشدارە لە حکومەتدا. ئێستەیش ئەندام پەرلەمانە لەسەر لیستی ئەو پارتە.

زۆر بوێرانە قسەی لەسەر ئیسلام ئەکرد، لە هیچ سڵی نە ئەکردەوە، تەنانەت بە ڕاشکاوانەوە باسی ژیانی خۆی ئەکرد لە سۆماڵ، باسی خەتەنە، ئختساب، باوکسالاری، و چۆن دەردە سەری تووش ئەهات لە لایەن کەلتوری ئیسلامییەوە. لەبواری ژناندا بە ئەندازەیەک بوێرانە قسەی ئەکرد، کە بووە هۆی تورە بوونی ئیسلامییەکان و محافزکاران. لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە بە هۆڵەندی و ئنگلیزی سەرقاڵی ئەو جۆرە باسانە بوو. لەسەر ئەمری باوکی بەزۆر مارەیان بڕیبوو لە ئامۆزاکەی و ئەمیش دەستبەرداری بوو.

ئەم بوو کە سیناریۆی فلمی ( ملکەچکردن) ی نووسی، کە باس لە ستەم و چەوسانەوەی ئیسلام ئەکات بۆ ژن. فلمەکە باس لە ئافرەتێکی ئیسلامی ئەکات بە جلی زەواجەوە و لەشی شوێنەواری قەمچی پێوە دیارە، لە سەر لەشیشی ئایتی قورئان نووسراوە، ئەوە ئایەتانەی کە باس لە ئستبداد ئەکات بەرامبەر ئافرەت. ئەم فلمەیش بووە هۆی کوشتنی دەرهێنەرەکەی (تێۆ فان خۆخ)، بەدەست ئیسلامییەکی توندڕەو.

لە چاو پێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی ئەوەندە دژ بە کەلتوری ئیسلام قسی کرد بە توندی، نووسەرێکی هۆڵەندی بە رەگەز مەغربی بەرنامەکەی بەجێهێشت، پاش چەند دەقەیەک گەرایەوە. سەردانی قوتابخانەیکی ئیسلامی کرد. پرسیاری لەمناڵانی ئیسلام ئەکرد خوا نێرە یان مێیە.

هەردوو کیتابەکەی بەناوی ( کارگەی مناڵان) و ( زیندانی عازەبەکان ) هەرایەکی یەکجاری نایەوە. بە ئاشکرا و بێ سێ دوو، وتی محەمەد پێغەمبەری ئیسلام شاز بوو، ئستبداد و ستەمکار بوو.

## کێشەکە بۆ سەری هەڵدا؟

دوای شکستی ئەحزابی ڕاست و دیموکراسییەکان و هەموو ئەو ئەحزابانە کە حکومەتی هۆڵەندایان پێک هێناوە، بەرامبەر ئەحزابی چەپ لە هەلبژاردنەکانی شارەوانی کە لە 7 مارتی ئەم ساڵ ئەنجامدرا. و لە نێوانی ئەحزابی دەسەڵاتدار، حزبی لیبراڵە کە ئایان هرسی عەلی، ئەندامی ئەو حزبەیە لەگەڵ ڤردۆنک ،کە وەزیری بێگانە و نشتجێبوونە لە حکومەتەکە.

ئەو شکستە بووە هۆی ئەوە کە سەرۆکی فراکسۆێنی حزبی لیبرال( یۆزیاس ڤان ئارتسن ) دەستی کێشایەوە، ڤردۆنک هەوڵی ئەوە ئەدات ببێتە سەرۆکی فراکسیۆن لە پەرلەماندا. بەڵام مونافسێکی بۆ پەیدا بوو، ئەویش ( مارک ریوتە ). ئیتر ناکۆکی کەوتە نێوان ڤردۆنک و ئایان هرسی وپیشتریش لە هەندێ شتدا دژ بەیەک بوون. ئایان بە ئاشکرا دژی ئەوەستا و ڤردۆنکیش لە دژایەتی کردنی ئایان دریخی نە ئەکرد، هەرچەندە هەردووکیان دژی پەناهەندە بوون. بەتایبەتی ڤردۆنک، کە جار نییە بڕیارێکی تازە دەرنەکات بۆ بەر تەسککردنەوەی مافی پەناهەندەیی.

ڕۆژی دووشەمە بە ئاشکرا وتی ئایان هرسی عەلی هۆڵەندی نەبووە. مانای وایە ئەبێ ناسنامەی هۆڵەندی لێبسێنرێتەوە. هەرچەندە ئەمە 10 ساڵە ئایان پاسپۆرتی هۆڵەندی هەیە. بەوبیانووەی کە ئەو کاتەی هاتووە بۆ هۆڵەندا زانیاری ساختەی داوە و لە سۆماڵ ئەم ناوەی نەبووە، ئەم قسەی ڤردۆنک، پەرلەمان و هەموو میدیای هۆڵەندی هەتا ئەمرۆ بە بەردەوامی قسەی لەسەر ئەکرێ. هەر لەناو حزبی لیبرالیشدا وەک ئستفتائێک کرا ،ژەمارەری دەنگدان بۆ ڤردۆنک دابەزی بەرامبەری مارک ریوتەی مونافسی، کە پێشتر ڤردۆنک زۆر لە پێشتر بوو.

سیاستمەدارێکی هۆڵەندی ئەمرۆ لە چاوپێکەوتنێکدا وتی بەو قسەی ڤردۆنک کە ئایان هۆڵەندی نەبووە، کەوابوو ئەندامی پەرلەمان نەبووە، کەوابوو پەرلەمان 149 بووە نەک 150، ئەمەیش دژ بە یاسای بنەڕەتی هۆڵندایە.

کێشەکە لە ماوەی داهاتوودا زۆر شتی تری لێئەبێتەوە.

ئەمەیە گەمەی ناو پەرلەمان. کەسێک نزیکەی 15 ساڵ لەو وڵاتێک بێت و 10 ساڵیشە پاسپۆرتی هۆڵندای هەیە، ئیستە ئەبێ پاسپۆرتەکەی لێبسینرێتەوە کۆمەلێ کێشەی بۆ درووست بێت.

با بزانین داهاتوو چی ئەڵێ و هەڵوێستی خەڵکی و ئەحزابەکان بەرو کوێ ئەڕوات، ئاخر بریار چی ئەبێ.